فۆلکلۆر دەدوێ

ئەسعەد عەدۆ

بریتی‌یە لە چەند نموونەیەکی فۆلکلۆری تایبەت بە ناوچەیەك .

هەرێمی خاوەر زەمین (بێتواتە) بە هەندێك داب‌ونەریت‌و کارە میللەکانی‌و بە شاخ‌و داخی سەربەرزو جۆگەو کانیاوی ، خۆی لە خۆیدا پاشماوەو کەلەپوورێکی کوردەواری‌یە . بێتواتەیش وەك هەموو ناوچەکانی‌تری کوردستان خاوەنی کەلەپوورێکی یەکجار زۆرە بەلاَم ئێمە نموونەی هەندێ لەو بابەتە فۆلکلۆریانە دەخەینە بەرچاو کە تا رادەیەك لە شوێنێکی‌تری کوردستاندا بە تایبەتی لە ناوچەی دەشتاییدا نیە .

بەیتی زێرنۆکێ

سەربردەی زێڕنۆکێ دەگەرێتەوە دووسەد ساڵ لەمەوبەر ، کە پیاوێك لەم بێتواتەدا هەبووە بە نێوی (مام قادر) ئەمەیش کچێکی خۆرەنگی قەشەنگ‌و جوانی نێو زێرنۆکی هەبووە . هەروەها گەنجێکی نێو ئاورەحمان کە خەڵکی ناوچەی موکریان بووە ، جا لەبەر هەر هۆیەك بێ دێتە بێتواتەو داوا لە میری بێتواتە دەکا چەپاڵەی بدات . بەم شێوەیە لەم هەرێمەدەمێنێتەوە . . ئاورەحمانیش هەر لە یەکەم رۆژی هاتنی ، موتووی زێرنۆکی کچی مام قادر دەبێ‌و هەر لەبەر ئەم هۆیەوە ماڵی میرانی بەجێ‌هێشتووەو بۆتە سەپانی ماڵی باوکی زێرنۆکێ .

رۆژێکیان لەکاتی دروونەکردندا مام قادرو ئاورەحمان دروونە دەکەن‌و زێرنۆکێش پشتی‌کێشیان بۆ دەکا ، مام قادر بە ئاورەحمان دەڵێ :

«ئەگەر بەندی دروونەی دەزانی بۆمانی بڵێ . . خەڵکی کوێستانێ بەندان گەلەکە ئەزانن» . ئاورەحمان پێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە مام قادر لە گەڵیانە دەست بە بەند گووتن دەکاو زێرنۆکێ‌ی بەردلاَن دەلاوێنتەوە :

سەفەرێکم کەوتە پێش دەرۆم لە بۆ بێتواتێ
بۆ کن میری خۆشناوان بە نۆکەری قەلاَتێ
هەردوو دەستی ماچ دەکەم بەڵکو زێرنوکێم داتێ
ئەز قاسیدێ زێرنوکێم سوبەی دەرۆم سەحەری
کاڵەکێ خۆم لەپێکەم لەخۆ دەدەم کۆدەری
دەچمە کن بابی زێرنێ حەوت ساڵان بە نۆکەری
دەبمە شوانی بەرخۆڵان جارجاریش بە مەیتەری
چاوی زێرنوکێ جوانن وەك ئەستێرەی سەحەری
دەچمە کن وەستاکاران دروست دەکەم دەراوان
دەچم لەبۆ بێتواتێ ئەو میرەدێ‌ی خۆشناوان
دەیبەم لەبۆ زێرنوکێ بەڵکو هەڵێنێ چاوان
زێرنۆك لەبەر پەرێزێ ئارەق لەسەر رووانی
دەڵێ‌ی شووشەی گوڵاوە خوناوی سەر کوڵانی
زێرنۆك کە پشتی‌کێشە خۆم دەبم بە سەپانی
دەچمە کن وەستاکاران دروست دەکەم خرخاڵان
دەیبەم لەبۆ زێرنوکێ وەك کیژی گەورە ماڵان
پەرچەم رەشە رەیحانە باقەی سوسن‌و هەلاَلان . . . .
تاد .

مەڕو بزن بڕینەوە

پیشەی مەڕوبزن بڕینەوە لە چوار چێوەی کوردستاندا باوەو هەموو ماڵێکی خاوەن مەڕو ماڵات ئەمەیان کردووە . ئەم کاریەیش پسپۆری تایبەتی خۆی هەبووە . بۆ ئەم مەبەستەیش خاوەن مەڕو بزن لە ڕۆژێکی دیارکراودا (بەرانێك) یا (نێرێك)ی ، قەڵەوی دەکوشتەوەو کابانیش بە پلاوساوار یان کەشکەك لێیدەنا .

بڕێنگ برانیش . بڕێنکیان لە ئەستۆی خۆیان دەناو بە قەنە کێشان بەرەو هەوێزی دیارکراو دەهاتن‌و دەستیان بە مەڕوبزن بڕینەوە دەکرد . لەکاتی کارکردندا ئەم گۆرانیەیان دەگووت :

زستان ڕۆیی بەهار هات دونیا هەمووی ژیاوە
گوڵان لەناو گوڵزاران دەستیان لەمل یەك ناوە
لەبن شاخ‌و قەد پاڵان هەر کانیاوو شەتاوە
هەوران هەر گاڵە گاڵە لە شاخان لە کوێستانان
لەساملەندی مامەشان سپی ڕیزی خەیلانیان
لە کوێستانی هەزار گوڵ لە گۆڕی بێرەوانان
قەندیل‌و پیرەمەگرون لە یەك دەکەن سڵاوان
قیرەی مراوو قازان لەسەر گۆم‌و دەراوان
وەك قەتاری کچۆڵان نازدارو زی بەدراوان
هەموویان شەنگەبێرن هاتن‌دەر لە ڕەشماڵان
زرینگەی بازنیان دێ بۆ چەهە چەهەی خرخاڵان
هۆ هۆی شوانان وادێ مەر گەییە دانگەی ماڵان
خوایە نەنێری ئەورۆ چ نەرمە پشیە (با) یان
خوری‌و مەرەز دەفڕێنی دەیکاتە هەلوەلایە
سەگان لە دەوری مێگەل دەکەن چەغرە سەمایە
دەزووکەن دەست‌وبردی وادێ گورژێنی (با)یە
سەروماڵمان تێك ئەچێ خودایە لەم بەلایە . . . تاد

بن مێو کێلان

لە دێهاتی ناوچەی خۆشناوەتی . بە تایبەتی ئەم دێهاتانەی ڕەزی مێویان هەیە ، نێوان مێوەکان بە جووتەگا دەکێڵدرێ . بەڵام گاسن ناگاتە ژێر دارمێوەکان ، بۆیە کۆمەڵێك لە گەنجان بۆ ئەم مەبەستە پێمەڕەو بێڵ دەبەن‌و بن‌مێوان بەم گۆرانیەوە دەکێڵن :

ئەوا بەهارەو شەماڵ دەلاری
دەیدا لە گۆمکەو خەزەڵی داری
شەماڵ ئەوادێ لە لای کوێستان
سڵاوی دەکا لە باغەوانان
دەڵێت قاسیدێ بووکە بەهاری
مێوانی مێوو ئاژەڵی داری
شمشاڵی لێدەن گۆوەندێ ڕێزکەن
مێوان بکێڵن . داران بەهێزکەن
میری دار چۆمان پیرە چنارە
بەگزادەی چۆمان دار ئەسپیندارە
کیژۆڵەی چۆمان خۆ دارە مێوە
بووکی لە باوان هەڵووچەو سێوە . . . . تاد

دێ‌کردن

لە وەرزی پایزدا خاوەن بزنەکان لە بەنی ، دەچنە نێو پاوانی تایبەتی خۆیان بۆ گەڵابەرووکردن تا لە وەرزی زستاندا سوودی لێوەربگرن ، هەندێك گەڵا دەبرن‌و هێندێکیان وەستاکارانە لەسەر داربەڕووی دوو لك ئەو گەڵایە دادەنێن . . بەمەرجێ ئاوی باران بە نێوانیاندا نەڕوا . . بەمەیش دەڵێن (دێ) ، هەندێکیش هەن ئەو گەڵایە دێنێتە نزیك ماڵان‌و داری بۆ ئەچەقێنن بەمەیش دەڵێن (قوربە) .

ئەو دێیە دەمێنێتەوە تا بەفرو کرێوە دەباری‌و توانای ئاژەڵ‌بردنە بەنی نابێت ، لەوکاتەدا ئەو گەڵایە لەسەر بەفر بڵاوەی پێ‌دەکەن بۆ ئەوەی ماڵاتەکەی بیخوات‌و پێ‌ی

...یت . لەکاتی دیکردندا گەنجەکان ئەم گۆرانیە دەچرن :
مام حەسەنو مام ئەحمەد ، کاك ئۆمەرو خالۆ حەمەد
هەموو ساحێب حەیوانن لە دییان چاك دەزانن
زستانێ دەگەرمێنن ، هاوینان لە کوێستانن
لەناو حەوشێ مزگەوتێ دەپێشی جەماعەتێ
خدراغای سەریکانێ رووی دەکردە خزمانی
رووی‌کردە لای تۆلازان سبەی بەری‌بەیانی
لە پاوانو لە رازان بۆ ماڵە پوورە خەجی
هەمووتان گوێتان لێ‌بە سبەی زبارە دێیە . . . . تاد

چاڵە بەفر

لە دێرزەمانەوە خەڵکی شاخاوی لە وەرزی زستاندا ، چاڵێکی بازنەیی یا چوار گۆشەیی قووڵو بەرینیان هەڵدەکەندو بەفری دەوروبەری چاڵەکەیان کۆدەکردەوە ریز بە ریز لەگەڵ (کا) ، بە پەستنی چاڵەکەیان شیش‌کووت دەکرد . . لە کۆتاییدا هەندێك (خوێ)یان ، بە بەفرەکەدا دەکردو بە گەلای داربەروو دادەپۆشرا . لە وەرزی هاویندا سەری چاڵە بەفرەکە والا دەکرایەوەو بەفرەکەیان بەکار دەهێنا بە فرۆشتن یا بەخۆرایی .

کارکەرانی چاڵە بەفر بەم گۆرانیەوە کارەکەیان جێبەجێ دەکرد :

وای لە دەستی زستانێ
سەرماو سەهۆڵ بەندانێ
جێگەی گەمەو گەرانێ
هەر دەوری ئاگردانێ
لە مانگی رێبەندانێ
عالەم دێتە هەژانێ
چوولیەمێی ئەشکەوتانێ
بەفرێ گۆتە بارانێ
لێم‌گەرێ تا دوو رۆژان
کفن دەکەم بە بەریان

لە گەرمێنو لە کوێستان
دونیا دەکەم بە شەختان
دەبەستم ئاوی بەستان
گەلی خزمان ئەمرۆکە
بیستو یەکی گۆرانە
کرێوەو بەفرە بابێ
دەگاتە شیلکەی رانان
بەفری سپی کوێستانان
کەوتیتە هەردوو بانان
بەفری سپی کەلیخان
کەوتیتە دۆڵو شاخان
بەفری سپی سەهەندی
تام خۆشتری لە قەندی
سەرپۆشی کێوو هەردی
بەفرێ داکەن بە مەردی . . . . تاد

ئاهەنگی بروانامەی مەلایەتی

لەکاتی خۆیدا بروانامەی مەلایەتی (الاجازه العلمیة) گەورەترین پلەی زانستیو ئەدەبی ئەو سەردەم بوو ، زۆربەی هەرە زۆری کەلە شاعیرو ئەدیبە کوردەکان دەرچووی قوتابخانە ئاینیەکان بوون ، بۆ مەبەستی خوێندنیش فەقێیانی کورد چوارچێوەی کوردستان دەگەرانو چ خانقاو مزگەوت نەدەما سەری پێدانەگرن . . تا بروانامەیان وەدەست دێنا .

ئەو بروانامە وەرگرتنەیش ئاهەنگی تایبەتی بۆ سازدەکرا ،

ئەو فەقێیەی بروانامەی لەلای مەلایەکی بروانامەدار وەردەگرت ، دەبوایە :

١ — ئەو پلەیەی کە ئەبوایە بروانامەی پێ‌ئەدرێ فەقێیەکە تەواوی کردبێ .

٢ – ئەو فەقێیانەی کە لە قوتابخانەی (فەقێ ئامادەکراو بۆ بڕوانامە)دا هەبوون ، نامەیان بۆ فەقێیەکانی دێهاتی دەوروبەر دەنووسی‌و بە مۆری ئەو فەقێیە مۆر دەکرد .

٣ – فەقێیەکان نواندنیان پێشکەش دەکرد بێ ئەوەی (براوە – بڕۆڤە) بکەن ، ئەو نواندنەیش بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەخستەڕوو بە تایبەتی (خاوەن دوو ژن)و (شێخی درۆزن)و (پارە پەرست) .

٤ – لە نواندنێکی پاشاو وەزیردا ، پاشا بڕیاری خۆی بەسەر سەرەك هۆزو دەوڵەمەندەکان دەچەسپاند بۆ هێنانی (چا)و (شەکر)و کەل‌وپەلی‌تر ، ئەمەیش بە مەبەستی باروبووی فەقێ ـ بوو ، بڕیارەکانیش بە دڵێکی فراوان جێبەجێ دەکرا . ئەگەر خوانەخواستە جێبەجێ نەکرابوایە ، ئەوە دەبوایە تاوانبار بە جلەوە فڕێ بدرێتە حەوزی مزگەوت . لەکاتی ئەو نواندنەیشدا دوو فەقێ سیما جوان لە پشت پاشا ڕادەوەستان‌و ئەمەیان دەخوێندەوە :

کورد میللەتێکی قەدیمە ساحێبی تەبعی سەلیمە
شاهیدی ئەم ئیدعایە سەلاحەدینی پاشایە
کورد میللەتێکی ناسراوە لە مەعاریف بەجێماوە . . .
تاد

ئەو مەلایەی کە بڕوانامەی دەدا فەقێیەکە دەبوایە :

١ – خاوەن بڕوانامەبێ
٢ – جوبەو مەندیلێکی بە پارەی خۆی بۆ ئەو فەقێیە بکرێ
٣ – لە دوای کردنەوەی ئاهەنگی بڕوانامە بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز مەلا هەڵدەساو بڕوانامەکەی بە زمانی عەرەبی دەخوێندەوە لەگەڵ چەند ئامۆژگاریەك بۆ مەلای نوێ .

ئەرکی خەڵکی گوندەکە :

١ – مەسرەفی یەك هەفتەی ئاهەنگ .
٢ – لە ڕۆژی بڕوانامەدا دەبوایە هەموو ماڵێك گۆشت‌و پلاو بنێرێتە مزگەوت .
٣ – هەندێك جار خواپەرستێك کچ یا خوشکێکی خۆی پێشکەش بە مەلای نوێ دەکرد .

لەکاتی هەڵپەرکێی ئاهەنگەکەدا هێندێك لە فەقێیەکان لەسەر ئەو ئاوازە هەڵدەپەڕین ، بەم جۆرە تا پیتی ئەبجدی کۆتایی پێدەهات :

ئەلفەکی ئا ئەوەلی ئا ئوئلی مؤلی من المؤلی مو ئا ئا
بێیەکی با ئەوەلی با بوبلی موبلی من الموبلی مو با با
تێیەکی تا ئەوەلی تا توتلی موتلی من الموتلی مو تا تا . . .
تاد

سەمەنی

لە زەمانی زوو ئەو سەمەنە بە بۆنەی جەژنی نەورۆز سازدەکرا ، دوو مانگ بەر لەهاتنی نەورۆز . . هەندێك گەنمیان لە نێو (ئینجانەی گلیدا) دەچاند ، لە ڕۆژی (٢١) ئادار ئەو گەنمەیان هەڵدەکەندو ژێرەوەو سەرەکەی هەڵدەقاچران‌و قاچە سپییەکەی دەمایەوە ، ئینجا لەگەڵ ئاو دەخرایە نێو مەنجەڵێك‌و ئاگریان دەخستە ژێرەوە . کوڕو کچانیش بە چەپڵە ڕێزان ئەم گۆرانییەیان دەگووت :

لە گۆمەڵی بەهارێ بەفر نەما لە شاخان
تەڕندەر دێنە خوارێ
بیست‌و یەکی ئادارێ
سەمەنی دێتە کارێ
لە دەوری ئاگردانێ
دەکەن چەپڵە ڕێزانێ
ئەم قەرسیلە جوانە
دەڵێی بسکی کچانە
سەمەنی چەند شیرنە

دەڵێی مێوژی سەڵانە
ڕابێ کچە جوتیارە
لە سەمەنی ئاگادارە
ڕەپستەی ناو ئینجانان
هەروەکو مێرخوزاران
فاتم کچە سەپانە
بۆ کردنی سەمەنی زۆر باش‌و زۆر کابانە
یاخواو یا پیرەشالیار
بە عام پیرۆزبێ بەهار . . . . تاد

مازی چنین

ئەو دێهاتانەی بە دارمازو بەناوبانگ بوون ، لە ڕۆژێکی دیارکراودا برا گەورەی گوندەکە بانگی ڕادەهێشت کە بەیانی دەچنە مازی چنین ، ئینجا کوڕو کچانی گوندەکە خۆیان ئامادە دەکردو نانیان دەگەڵ خۆ دەبرد ، بەم گۆرانیەوە کارەکەیان ئەنجام دەدا :

هەرایە وەی هەرایە ئەمشەو بانگە سەدایە
لەبۆ مازی چنینێ شا قەدەغەی نەمایە
کچ‌وکوڕ زەردو سوورن وەکی گوڵێ بەهارێ
دەڵێن بۆ مازی چنینێ ڕێگایدا مام کوێخایە
لە مێرگۆڵەو لە دۆڵان کوڕوکاڵ‌و کچۆڵان
مازیانن بۆ زۆر بکەی بە پیرەکەی سندوڵان
لەسەر کانیا ڕێزانێ کچان دەکەن دیلانێ
کوڕان دەکەن سەیرانێ بە یادی چاو جوانێ
فاتم دەڵێ هەمینێ ڕابیلێ خاتوو زینێ
کلدانم بۆ بنێرن دەچمە مازی چنینێ
دەنگی گۆرانی کوران لە باڵورەی کچۆڵان
هەروەك دەنگی شمشاڵێ دەنگیان دەڕوا لە دۆڵان . . . تاد

داردەلامە

لە ڕۆژانی جەژن کچان دەچوونە ژێر دارگوێزێك‌و بە کندرو تەختە دارێك جۆلانەیان دروست دەکردو دووان لەسەر تەختەو دەست بە کندرەوە ڕادەوەستان‌و یەکێکی تریش لە ناوەڕاست دادەنیشت . . بەو شێوەیە لەگەڵ هەژانەوەیان ئەم گۆرانیەیان دەگووت :

لە پردێ باسان کاریتەی مێوە
گەییمە نازدارێ کوڕ بە بەڕێوە
کوێرایم دابێ ماندوو بوو پێوە
لە پردێ باسان کاریتەی شکێ
یار زۆر منداڵەو لێم‌دەگری ڕکێ
لێی تێ‌گەیاندووم خەڵکی گەڕەکێ
لەپردێ باسان کاریتەی مازی
ئەو کوڕە منداڵە چۆن بیکەم ڕازی
مەگەر بیبەم بۆ مەلاو قازی
زێبێ بادینان شینی بە شینی
نێوانی مەمکان شانەی هەنگوینی
خۆزگەم بەو لاوەی دەیخوا لە خورینی
زێبێ بادینان دێت‌و دەسافێ
شەپۆلان دەدا لە بنەی کوشافێ
ماچی سەر کولمەت وەکی تەوافێ
لەپردێ باسان عێلێ بەرەو ژوورە
ئەو کوڕە منداڵە بۆیە مەغروورە
منی کوشتووە خۆی بێ شعوورە . . . تاد

عامیە

لە گوندی (هەرتەل) ، کاتێ (ڕێواس)و (کەنگر)و (دۆریە)و (دۆمەلان)و (کارگ)و (ترشۆکە) پێ‌دەگات ،

کچ‌وکورانی هەرتەل وولاخان دەبن‌و ماوەی سێ شەوو سێ رۆژ لە چیا دەمێنەوە. ئەو ماوەیەیش بە شایی‌و هەڵپەرکێ بەسەردەبن‌و لەگەڵ شایی (سێ‌پێ‌یی) ئەم گۆرانیە دەڵێن :

ئای لە مێگەلان وای لە مێگەلان
ئای لە مێگەڵی دەخۆشناوان
مەرم بەردایتە دەراوان
وەرنە سەیری زی بەدراوان
ئای لە مێگەلان وای لە مێگەلان
ئای لە مێگەڵی مام ئاکۆیان
مەرم بەردایتە هێرۆیان
وەرنە سەیری چاو هەڵۆیان . . تاد

بەیتی شەم‌وشەمزین

هەروەکو بیستراوە گوایە شەمزین خەڵکی گوندی (وەلاشە)ی، باڵەکیان بووە. باوکی نێوی (حەمەد ئاغا) بووە. خاتوو شەم ئامۆزایانی‌و کچی (وەیسی ئاغە)یە، هەر لە منداڵییەوە شەم‌و شەمزین هۆگری یەکتر دەبن‌و حەز لە یەکتر دەکەن. باوکی شەم، شەمزینی برازای دەرکردووە . . ئەویش دەچێتە لای (وەسمان بەگی گەرگەری) لە شاری (دیاربەکر) لە دوای حەوت ساڵان هەواڵی بە مێردانی شەم دەزانێ . . دووبارە بەرەو وەلاش دەگەڕێتەوە.

شەمزین لە رۆژی گواستنەوەی شەمی ئامۆزای دەگاتە نزیك گوندەکەیان‌و شەمیش چاوی پێ‌دەکەوێ‌و بە دایکی دەڵێ :

شەم :
سوارێك ژێرهەڵدێ بەخترمەی شینە
لەوان رکێفان ئەوا شەمزینە

دایك ئەرێ شەمیلێ ئاقلت گۆڕاوە
ئەم ساڵ حەوت ساڵە شەمزین نەماوە

ئینجا شەم دێتە سەرکانی ئافرەتان‌و شەمزینیش دەگاتە نزیکی، هەرچەندە شەمزین دەزانێ ئەوە شەمی ئامۆزایەتی بەلام دەڵێ با ئەو بەندەی بۆ بڵێم ئەگەر ئەوبێ وەلامم دەداتەوە

شەمزین :
خۆم سەرگەردان‌و شەم لەبەر کۆڵێ
بسکێ شەمیلێم لاسکێ کەرکۆڵێ
شەمێ هەڵدەگرم دەچمە ئەستەمبۆڵێ
خۆم سەرگەردان‌و شەم لەبەر نانی
بسکێ شەمیلێم گەیینە سەر رووانی
شەمێ هەڵدەگرم دەچمە کن خاڵی
خۆم سەرگەردان‌و شەم لەبەر ماران
بسکێ شەمیلێم ئارمووشێ شاران
شەمێ هەڵدەگرم دەیبەمە تاران
هەی ناکەم ناکەم چ مێردان ناکەم
بسکان هەرماڵم فتنێ بەرپاکەم
لەدوای شەمزینی سەر بەقورێ داکەم
هەی ناکەم ناکەم بە قسەی کەس ناکەم
لەدوای شەمزینی چی لە دونیاکەم
وەکو مەجرووحی روو لە مەجراکەم
سوێندەکم خواردووە بە گوڵێ نیسانێ
بە گوڵێ مێلاقێ پەرێ قورعانێ
لەدوای شەمزینی دەچمە زیندانێ

شەم :
لە دوای ئەمەدا یەکتر دەناسنەوەو بە یەك شاد دەبن‌و شەمزین دەستە جلێکی پیاوانە لەبەر شەم دەکاو جێ‌ژوانی خۆیان بۆ شەمو نیشان دەکەن، تا لەوێ‌وە بەرەو دیوەخانی خانی

...ب زێڕین بڕۆن ، ئینجا دەچنە شایی بەڵام شەم لە خۆشیاندا
...ڕەی گوێی لەبیر دەکاو دەچنە نێو شایی بەندان دەڵێن :

شەمزین :

شاییەك دەگەڕێ لە دانگەی ماڵان
کەزیێ شەمیلێم بەندی ڕەشماڵان
شەمێ هەڵدەگرم دەچمە کن خاڵان
شاییەك دەگەڕێ هۆزان بە هۆزان
بسکێ شەمیلێم بژیێ شێ بۆزان
شەمێ هەڵدەگرم لە حەوت ئامۆزان
شاییەك دەگەڕێ لە پشت قەڵاتان
حەوت ساڵ غەریب بووم من لە وولاتان
بسکێ شەمیلێم دەزووی خەیاتان
شاییەك دەگەڕێ لە پشتی دێیە
بسکێ شەمیلێم ئارمووشی پێیە
حەوت ساڵ غەریب بووم بێ ماڵو جێیە
بە گوڵانو بە گڕلان بە گوڵێ سەرکەندی
نێریا خۆلیدای بێریان هەڵقەندی
شەمێ هەڵدەگرم دەچمە دەربەندی
شاییەك دەگەڕێ ڕۆینێ خانمانە
شەم تازە بووکە خەنە بەندانە
خوام پشتیوانبێو نۆرەی کولانە

خەڵکەکە لە گەرمەی شاییدا ئاگاداری هیچ نین جگە لە پیرەمێردێك کە بەرامبەر شەمو شەمزین ڕاوەستابوو . بە گوارە زێڕینەکە شەم دەناسێتەوەو دەڵێ :

پیرەمێرد :

دەبینن بینن شێ بۆزان بینن
زینیان لێبکەنو تەنگان بشەتینن
قورتاریان نەکەن شەمو شەمزینن
نیشانەی شەمێم گوارەی زێڕینن

لەگەڵ ئاشکرابوونیان شەمزین دەستی شەم ڕادەکێشێو بەرەو ماینەکەی دەچنو بۆی دەردەچن ، تا دەگەنە قەڵای دمدم . لە ئەنجامدا لە شەڕی قەڵای دمدم شەهید دەکرێن .

● **ئەم دەقە فۆلکلۆریانەم لە ڕۆشنبیرو فۆلکلۆریەروەر مامۆستا عبدالسلام مەلا محمد نبی حەیدەری دانیشتووی بێتواتە وەرگرتووە . ئەم بەرێزە لە چلەکانەوە دەستی ئەدەبی هەیەو کتێبی چاپکراوو چاپنەکراوی هەیەو لە ساڵی ١٩٣٠دا لە دایك بووە ، خوایاربێ لە دەرفەتێکی تردا بە درێژای باسی ژیانو بەرهەمەکانی دەکەم .**

فەرهەنگۆك

ئینجانەگل : لەجیاتی مەرکان بەکارهاتووە . بەڵام گەورەتر بووەو لە گل دروست دەکرێو بستێك بەرزە .
بەنێ : شاخ .
بژی : مووی سەرملی ماین .
پشتی کێش : گیشەکەر .
تەژاندەر : کەوی بەفری گەورە . یان بە دارێکی گەورەی ڕزی دەگوترێ .
داردەلامە : جۆلانە .
دۆریە : گیایەکی تام خۆشە نزیکەی یەك مەتر درێژە لە کوێستان شین دەبێ .
دانگە : نزیك ، بەرماڵان .
گۆمەڵ : ناوەڕاست .
گەمە : یاری ، وازی .
کوشاف : گوندێکە سەر بە ناحیەی گوێڕ .
سەلان : نێوی گوندە .
ساملەند : کوێستانێکە لە کوردستانی ئێران .
سپیزێڕ : کوێستانێکە لە کوردستانی ئێران .
سمایل ئاغە : مەبەست لە سمکۆ شکاکە .
ڕەپستە : قەرسیل .
شێخ قادر : مەبەست لە شێخ عبدالقادر نەهرییە .
ژێ : مامۆستا عبدالسلام حەیدەری دەڵێ : لەو ناوچەیە ئەم وشەیە بۆ برابانی بادینان بەکاردێ .
بەخترمە : وولاخ .